المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:١-٣٣
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# بەراوردكردنی كردار لە زمانی كوردی و فارسیدا ( لەڕوانگەی بەرنامەی كەمینەوە )

أ.م.د.ابوبكر عمر قادر
بەشی كوردی – سكوڵی زمان – زانكۆی سلێمانی– سلێمانی – عێراق
oralabubakir@gmail.com

## الملخص

يتكون هذا البحث المعنون ب"مقارنة العبارة الفعلية في اللغتين الكردية والفارسية في اطار المنهج الأصغر" من مبحثين: يتناول الأول منه خلاصة البرنامج من خلال مراحل نشوء العبارة، مبتدئا باختيار العناصر المعجمية (numeration) واحتساب مرات تداولها وفق نظام المحاسبة (computational system) وذلك من خلال ديناميكية الادغام (merger/ merge) في عملية التعبير الكلامي. يتميز هذا البرنامج بالتريث في تحريك العناصر اللغوية المعروفة بحركة (الفا a) متمثلة في حركة العناصر المعجمية وخصائصها كما وأن الهدف من تحريك خصائص ومميزات العناصر هو الوضوح المنطقي في التعبير حسب نظرية التحقيق (checking theory) للوصول الى التأويل والفهم الصحيح، ويعني هذا – بعبارة أخرى – التنسيق بين الكلام والمعنى. وقد يتناول المبحث مراحل تطور هذا البرنامج وتوضيحه بالأمثلة. أما المبحث الثاني فقد خصصناه للعبارات الفعلية للمنهج المذكور وذلك باختيار الفعل ليكون رأسا أو نواة للمكون الذي يجب تكميله بوحدات معجمية أخرى لتكوين VP أو S (الجملة). ومن أهم مميزات العبارة الفعلية وجود عقدتين أي عبارتين فعليتين: احداها داخلي برأس معجمي والأخرى برأس فارغ أو الصفر – الأول (V) الكبير والثاني (v) الصغير ويعرف بالفعل الخفيف أو العبارة القشرية ويكون مصدرا للفعل الكبير أو الداخلي. كما ان الفعل – كوحدة معجمية – هو الجوهر في العبارة ويحدد حججها (arguments) ويكون معجميا ونحويا في آن واحد، علما بأن الجانب النحوي المتمثل بالصفات والخصائص هو الأهم في الفرضيات والتحاليل المنبثقة عنه. ومن هذا المنطلق وحسب مراحل دراسة وتطوير البرنامج المذكور أعلاه، أجاد الباحثون في تشذيب مفاهيم لغوية كعقد التصريف (Inflection)، التطابق (Agreements)، والزمن (Tense/ T)... .

ومن هذا المنظور وبعد تحليل الجمل والعبارات الفعلية في اللغتين: الفارسية والكردية مقارنة الأفعال اللازمة والمتعدية فيهما توصلنا الى استنتاج مفاده بأن الجمل والعبارات الفعلية في اللغتين سيَّان من حيث التوزيع البنائي في مكون العبارات والجمل الفعلية بالرغم من تباين انتماء اللغتين ضمن مجموعة اللغات الإيرانية، حيث تنتمي اللغة الفارسية الى المجموعة الجنوبية الغربية ولكن اللغة الكردية الى المجموعة الشمالية الغربية.وفي الختام نبين اهم ما توصلنا اليها من استنتاجات...

## پوختە

**ئەم توێژینەوەیە بەناوی بەراوردی گرێی كرداری لە زمانی كوردی و فارسیدا بەپێی بەرنامەی كەمینە، لە دوو بەش پێكدێت، بەشی یەكەم تایبەتكراوە بە پوختەیەكی بەرنامەكەو هەنگاوەكانی كاركردنی لە هەڵبژاردنی ئایتمە فەرهەنگییەكان و ئەژماری (Numeration) بەكاربردنیان لە سیستمی ژمێرەكاریدا (Computational System)، كە تێیدا لێكدان (merger/ merge) میكانیزمی دەربڕینە.لەم بەرنامەیەدا جێگۆڕكێی كەرەسەكان، كە بە جوڵەی ئەلفا دەناسرێت، دابەشدەبێت بۆ جووڵەی پێكهاتەو جووڵەی تایبەتێتی پێكهاتە، جووڵەی دووەم بەمەبەستی ڕوونی دەربڕینە لە پشكنیندا، چونكە ئەم بەرنامەیە دەبێتە ڕێبازێك بۆ لێكدانەوەی تەواو، بەواتا دەبێت دەربڕینی فۆنۆلۆژی گەیێنەری چەمكی لۆژیكی بێت، لە كۆتایی بەشەكەدا هەنگاوەكانی گەشەی ئەم بەرنامەیە بە نموونەوە خراوەتە ڕوو.**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەشی دووەم تایبەتکراوە بە گرێی کرداری، لێکدانەوەی زانستی بۆ ئەم جۆرە لە گرێ کراوە، کە دەشێت بەرانبەر $VP^{=}$ یان S بوەستێتەوە، بەپێی ئەم بەرنامەیە گرێیەکی کرداری ناوەکی – کە خاوەنی سەرەی کرداری فەرهەنگییە، لە گرێیەکی کرداری دەرەکی یان توێکلّیدا، کە سەرەی کردار تێیدا Ø سفرە بەواتا گرێی کرداری گەورە VP لە گرێیەکی کرداری بچووکدایە VP، کردار لە پێکهاتەی گرێدا دەبێتە سەرەو تەواوکەرەکانی دەخوازێت، داواکراوەکانی دەبنە فەرهەنگیو ڕێزمانی، ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا گرنگی پێدراوە، سەرەی گرێی کردارە: Inflection / $I^{=}$، کە ڕێککەوتنی کات و کەس دەسازێنێت، بەواتایەکر تر پەیدابوونی گرێی ڕێککەوتن Agreement / AGR کە تێیدا کات Tense / $T^{=}$ دەبێتە سەرەی گرێی T، هەموو گۆڕانکارییەکان لە درێژەی لێکدانەوەی گرێی کرداری لە بەرنامەی کەمینەدا خراوەتەڕوو، بەپێی ئاراستەی تیۆریی بەرنامەکە، ڕستەو گرێ کردارییەکانی هەردوو زمانی کوردی و فارسی لە شیکارە درەختییەکاندا بەراوردکراون، لە گرێی کرداری تێنەپەڕو تێپەڕدا، لە بکەردیارو نادیاردا، خاڵی سەرنجڕاکێش، هاوسەنگی و وەکیەکی دابەشبوونی پێکهاتەیی گرێ کردارییەکانە لە هەردوو زمانەکەدا، ئەگەرچی زمانی کوردی لە کۆمەڵەی باکوری ڕۆژئاوا و زمانی فارسی لە کۆمەڵەی باشوری ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانە، جیابوونەوە بۆ پێش قۆناغی میدییەکان و پەیدابوونی ئاڤێستایە، کە هاوشانی فارسی باستان بووە. لە کۆتاییدا ئەنجامە بەدیهاتووەکان خراوەتە ڕوو.

## *Abstract*

This study tries to shed light on some aspects of similarity of the verb phrase in Kurdish and Persian according to Minimalist Program. The study is compared of two main sections. The first section is specified to present a summary of the program and the application steps in the selection of lexical items along with the numeration of their usage in the computational system in which merging is regarded as a mechanism of expressions. In this program the movement of the items is known as a movement which is divided in to constituent movement and specific constituent movement. The purpose of the latter movement is to express explicitly. This is so, because this method will be a that the phonological interpretation will reflect the technique to the entire interpretation. This means logical form. At the end of this section, the steps of development are presented with examples.

The second section is devoted to the study of the structures of verb phrases and a plausible interpretation is given this phrase which is possibly the counter part of $V^{=}$ or S.

According to minimalist programme the internal VP, which has a lexical head, consists of the VP shell whose head is Ø. This means that big VP is inside the small vp. The verb in VP in the head which needs its complements, that is to say, its complements will be the functional and lexical items. The present study focuses on the head of VP, in which Inflectional Phrase/ $\bar{I}$ arranges tenses and person. In other words, the emergence of Agr phrase in which T will be the head of $T^{=}$. Move over, all the changes within the structure of VP in minimalist programme have been discussed.

According to the orientation of the theory and the programme, the structure of sentences and VPs of both Kurdish and Persian Languages are drawn and compared tree diagrams, namely, in the VPs whose head are either transitive or intransitive verbs, passive and active constructions. The sharing point between the languages is identical and parallel. Even though Kurdish is a north-west Iranian language. Persian is a south-western language.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

## پێشەکی


زمان وەك دیاردەیەكی ئالۆزی ئاست تێكچرژاو لەپێش زاینەوە بەپێی بیری فەلسەفی قۆناغەكان لێكدانەوەی بۆكراوەو گرنگی پێدراوە، چەندین قوتابخانەی زمانی بۆ دامەزراوە، لە سەرەتای سەدەی بیست ئەم لێكدانەوانە ئاراستەی نوێیاوی وەرگرتووە، بۆتە بوارێكی زانستی سەربەخۆ، كە لە سوسێرەوە دەستپێدەكات و لە نیوەی دووەمی سەدەكەدا ڕێچكەی لێكدانەوەكان بە ئاراستەی ڕێزمانی گشتی – هاوبەشی نێوان زمانە سروشتییەكان – هەنگاوێناو ڕێزمانی بەرهەمهێنو گواستنەوە لەسەر دەستی چۆمسكی دا هاتە ئاراوە، خودی ئەم ڕێزمانە لە ڕوانگەی پێكهاتەییەوە لە تیۆرگەلێكدا گەشەی پێكرا، لەوانە تیۆری دەسەلاتو بەستنەوە، كە بە بلاوترین تیۆری بنیادی ئەژمار دەكرێت بەوەی كە دەتوانێت وەلامی جۆراوجۆری زمانە جیاوازەكان بداتەوە (ابوبكر عمر: ٢٠١٧، ١٣١) تیۆرگەلێك بەناوی وەچەتیۆرەوە پێكی دەهێنن، كە بریتین لە: تیۆری بەند/ سنوردانان، دەسەلات، ثێتا – ڕۆلپێدان، بەستنەوە، دۆخ، تیۆری كۆنترۆڵ/ چاودێری. خودی ئەم تیۆرە كە پەیوەستە بە زمان فێربوون لە ڕوانگەی توانستو تواناوە سەرەتاكەی دەگەڕێتەوە بۆ مۆدێلی بنجی پێكهاتە ڕێزمانییەكان لەساڵی ١٩٥٧دا (وی، جی كوك.مارك توبیسان، ١٣١٩، ٣٦) هاوكات هەوڵدانی چۆمسكی بۆ گەشەی لێكدانەوەكانی لە دەیەی كۆتایی سەدەی بیستدا ڕوانینی نوێی هێنایە ئاراوە بەناوی بەرنامەی كەمینە. لەم ڕوانگەیەوە ئەم كارە ئەگەرچی كارێكی بەراوردكارییە لە گرێیەكی بنجی پێكهاتەی ڕستەدا لە هەردوو زمانی كوردیو فارسیدا بەپێی بەرنامەی كەمینە بۆیە سەرەتا پەسنێكی خێرای ئەم بەرنامەیە دەكرێت، شیكاری هەنگاوەكانی دەخرێتە ڕوو دواتر جێبەجێكردنی لە زمانی كوردیو فارسیدا لەڕێی نموونەوە دیاریدەكرێت، لە بەراوردكردندا لێكچوونو جیاوازیان نیشاندەدرێتو ئەنجامی بەدیهێنەر تۆماردەكرێت.


### 1. بەرنامەی كەمینە:

ئەم بەرنامەیە درێژەدانێكی ڕاستەوخۆی تیۆری دەسەلاتو بەستنەوەیە – تیۆری بنج و پارامێتەر، لەم بەرنامەیەدا هێزی دەربڕین بەهرەیەكی زیندووی سیستمی ئاگاییو ناسینەوەیە، كە بوارێكی سەربەستی پێكهێنەری بیرو هۆشە – ئاوەزە – و بە بەشێك لە تێڕوانینی هزری دەناسرێت، چونكە توانای دەربڕین كە ئەركێكی تایبەتی مێشكە، لەسەرێكەوە پەیوەستە بە بواری سەربەخۆی مێشكو لەسەرێكی ترەوە پەیوەستە بە بواری دركپێكردنەوە. بەواتا بواری پەیوەست بە زەین یان ئاوەز بەرهەمهێنی فۆرمی دەنگییە، كە ڕووكاری پەیوەندیكردنە، دیسان بواری دركپێكردن بیستراو/ هەستپێكراو فۆرمی لۆژیكییە، لەم ڕوانگەیەوە لە بەرنامەی كەمینەدا دوو ڕووكار یان دوو ڕووبەر بەناونیشانی ڕووبەر/ ڕووكاری زمانی بەرجەستە دەكرێن، ڕووبەرەكانی وەك دیوی شاراوەو ئاشكرا، تیۆری بنج و پارامێتەر وەلا دەخرێن. ئەوەی جێیان دەگرێتەوە بریتییە لە سیستمەكانی فەرهەنگ و ژمێرەكاری" فەرهەنگ: پەیوەستبوونی وشەكانە بەتایبەتێتی دەنگیو مۆرفۆلۆژیو سینتاكسیو سیمانتیكەوە ژمێرەكاریش: میكانیزمی سینتاكسی ئەو وشانەیە لە ڕۆنان و پێكهێنانی سینتاكسیدا (سەلاح حەویز ڕەسول: ٢٠١٤، ١٠٨) ئەوەی جێی سەرنجە لە سەرەتای ئەم بەرنامەیەدا فەرهەنگ لە چێوەی سیستمێكی ژمێرەكاریدا وەك بەشێك لە سیستمی تیۆری ئێكس بار لە سیستمی تیۆری دەسەلاتو بەستنەوە یان بنج و پارامێتەر لە شیكاری درەختی ڕستەدا هاتووە، بەلام دواتر تیۆری X ئاماژەی پێناكرێت بریتیەك جێی دەگرێتەوە بەناوی merge بەواتای لێكدان یان یەكگرتن.merge لێكدان یان یەكگرتن ئاراستەی دەربڕین بەپێی پێویستی یەكگرتنی فۆرمە فەرهەنگییەكان – بەمەبەستی گەیاندنی مەبەستێك – ڕێكدەخرێن، پشت بەستوو بە ئاگایی ئاخێوەر بۆ سیما واتاییەكانی وشەگەلی زمانەكەی، كە ڕێگەی بۆ خۆشدەكات لە هەلبژاردنی سەرەو تەواوكەری گرێكان و ڕیزبەندییان. بۆنموونە فۆرمی كوڕ وەك سەرە تەواوكەری زیرەكی دەخرێتە پالی دواتر بە دیاریكارێك گرێكە فراواندەكرێت دواتر خودی ئەم گرێ ناوییە دەكرێتە تەواوكەری سەرەی كرداری هات.



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

١/أ



ب/



هەنگاوەكان بە ئاراستەی پێكهێنانی ڕستە لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەڕوات، لە هەنگاوی فراوانكردن خودی گرێیەكدا دەشێت چەندجار گرێی نێوانگیر $\bar{X}$ بێتە ئاراوە. ڕەوتی یەكگرتن و لێكدان پەیوەستە بەو چەمكانەی ئاخێوەر دەیەوێت بیگەێنێت، ئاخۆ دەیەوێت زانیارییەك بدات یان پرسیار بكات، یان هەستی خۆی دەربڕێت... دەیەوێت ڕوونكردنەوەی زۆرتر بدات لەسەر كەسێك یان چۆنێتی ڕوودان، بەپێی تێپەڕو تێنەپەڕ داواكارییەكانی كردار دەگۆڕێت، كات و ساتەوەختەكان...تد. هاوكات تیشك دەخاتە سەر چ كەرەسەیەك.

٢/



ئەم هێڵكارییە ئاماژەیە بۆئەوەی كە لەنێوان سەرەو گرێی فراوانكراودا گرێی نێوانگیر هەیە كە دەشێت $\bar{V}$، $\bar{N}$ یان $\bar{I}$ بێت.

سەرەتا ئاماژە بۆ ئەوە كرا، كە ڕووكارە زمانییەكانی بەرنامەی كەمینە بریتین لە فەرهەنگو ژمێرەكاری، لە بواری سیستەمی ژمێركاریدا جووڵە، كە ڕەوتو ئاراستەكەی بە جووڵەی ئەلفا دەناسرێت، ئاماژەیە بۆ جێگۆڕكێی كەرەسەكان، كە بە جووڵەی كاریگەری دەنگە هاوسێكان دادەنرێت، لەم بەرنامەیەدا بە جووڵەی دیاریكارەكان لە پێكهاتەیەكدا ئاماژەی بۆدەكرێت، نەك هەموو پێكهاتەكان، ڕەوتی ئەم بەرنامەیە بڕوای وەهایە، كە تا بكرێت كەرەستەكان جووڵەیان پێنەكرێت، تەنانەت ئەگەر جووڵەیەك جێگیربوو دەبێت دوابخرێت بەمەبەستی لەخۆگرتنی دەركەوتەیەكی ئابوریانەی گەردانكردنو دووربوون لە نەشیاوی. (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣، ٦١٠) چونكە هەر یەكەیەكی تێكراو، یان هەر هێمایەكی زمانی ئەركێك ئەنجام دەدات، كە دەشێت ئەركێكی واتایی یان ڕێزمانی/ ڕستەیی بێت، بەواتا مەرجی ئابوری مەرجێكی گشتییە، دەبێت سوود لە هەموو یەكەیەك بۆ گەردانكردن، بە كەمترین دەربڕین وەربگیرێت. بۆیە دەگوترێت: پێڕەوی زمان پێویستی بەوەیە، لە ئاستی نواندنی ڕستەكانو ئاستی

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


بەرهەمهێنانیاندا تا دوا بوار ئابوری تێدا بکرێت. بەو واتایەی سوود لە کەمترین کۆمەڵەی ئامرازی ناسێنەری/ دیاریکاری وەربگیرێت. (وی.جی کوك: ٢٠٠٩، ٢٨٤) لێرەدا دەبێت ئەوە لەیادنەکرێت کە ڕێککەوتن ڕۆڵی کارا لە بەدیهێنانی جووڵەدا دەبینێت، هەر ئەمەش وەهای کردووە گرێی ڕێککەوتن وەك گرێیەکی ڕێزمانی ڕۆڵ ببینێت، لە دیاریکردنی ڕەوتی ڕێکەوتندا چۆمسکی دوو جۆر ڕێککەوتن دەخاتە ڕوو:

1- ڕێککەوتنی بەهێز بۆ ئەو زمانانەی ڕێککەوتنی بەهێزیان لە کردارەکاندا هەیەو جووڵەی ئاشکرایان هەیە.

2- زمانە لاوازەکان جووڵەکانیان بە نهێنی دەناسرێن (ڕاد فۆرد) جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە هێزە پەیوەست بە ڕێککەوتنەوە، بە جۆرەکانی پارامێتەر دەناسێنێت. (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣، ٦١٢)


بەواتا لەم بەرنامەیەدا ئاماژە بە دوو جۆر جووڵە دەکرێت، کە جووڵەی پێکهاتەو جووڵەی تایبەتێتی پێکهاتەن، لە یەکەمدا جووڵەی سەرە بە سەرەو وشەی پرسو بابەت لەخۆدەگرێت، لەکاتێکدا جووڵەی تایبەتێتی بەجۆرێك ئامێتەبوونو کێشکردن دەناسرێت، هەر لەم ڕوانگەیەوە (راد فۆرد) ئەم کردەیە بە نەرمکردن ناودەبات. (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣، ٦١٢) بۆیە بە پەسەند دەزانرێت ئەو نموونەیەی بۆ زمانی ئینگلیزی هێنراوەتەوە بخرێتە ڕوو، کە لە شیکارێکی درەختیدا لێکدراوەتەوە. (بڕوانە: محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣، ٦١٣)

/٣





لەم شیکارەدا هەر سەرەیەك (D, V, D) خاوەنی سێ جۆر تایبەتێتین، جۆری یەکەم پەیوەستە بە خودی سەرەوە، جۆری دووەم پەیوەستن بە دیاریکارەکانیانەوە – کاتێك کە ئەو سەرەیە لە پێکهاتەکەیدا دیاریکاری هەبێت. جۆری سێیەمی تایبەتێتییەکان پەیوەستن بە تەواوکەری سەرەکانەوە (لەکاتێکدا سەرە پێویستی بە تەواوکەر بێت). بەم پێیە هەریەك لە سەرەکان (she – hates – him) تایبەتییەکانیان دەخرێتە ڕوو.

١) تایبەتێتی she




٢) تایبەتێتی hates






DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

٣) him تایبەتێتی
- کەسی سێیەم
- توخم نێر
- ژمارە تاك

ئەم لێکدانەوەیە دەبێتە بنەمایەك لە بەرنامەی کەمینەدا، بەوەی دوای هاتنە ئارای گونجاندن و ڕێکەوتنی تایبەتێتییە پەیوەستەکان، خودی ئەم تایبەتێتییانە دەسڕێنەوە. لە بەرنامەی کەمینەدا چاودێری گونجاندنی نێوان تایبەتێتی سەرەو تەواوکەرو دیاریکارەکانی و دواتر سڕینەوەیان لەڕێی تیۆری پشکنینەوە ئەنجامدەدرێت، شیکارە درەختییەکە هەنگاوەکانی دەخاتە ڕوو، کە تێیدا سەرەی گرێی گەردانکردن واتە I لەدەستدەری هەرجۆرە تایبەتێتییەکە، بەو واتایەی، سەرە توانای ئەوەی نییە سیماکانی خۆی وەك بکەری ڕستە، کە بریتی بوون لە کەسی سێیەمی تاك (S=Singular) مێ (F=Feminine) بکەری (Nom=Nominative) پشکنینیان بۆ بکرێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە کردار لە توانایدا نییە لە دوورەوە ئەم دیاریکارانە بپشکنێت، چونکە مەرجی پشکنین هاوسێیەتییە. بۆیە ڕێگە چارەی بەرنامەی کەمینە ئەوەیە، کە دەبێت تایبەتێتییەکانی پەیوەست بە دیاریکاری – جۆری دووەم – لە تایبەتێتی ژێرەی کردارەوە، دەگوازرێتەوە بۆ ژێرەی گەردانکردن. بەم شێوەیە تایبەتێتی سەرەو دیاریکارەکانیان دەبنە هاوسێ، خودی ئەم جوولەیە، هەمان نەرمکردن یان کێشکردنە. لەم بارەیەوە (رادفۆرد: ١٩٩٧) دەڵێت: کێشکردن کارو لێکەوتەکانێتی، کە لە شێوەیەکی لۆژیکیدا ڕوودەدات، لەم شیکارەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە دیاریکارەکانی پشکنینی پەیوەست بە کردارو تەواوکەر، سڕاونەتەوە: (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣، ٦١٢)


/٤




دوای ڕەوتی جووڵە بەپێی بنەمای هاوسێیەتی، تایبەتێتییە هاوبەشەکانی سەرەی گەردانکردنو دیاریکارەکانیان پشکنینیان بۆدەکرێت، دوای سڕینەوەیان ئەم شیکارە دێتە ئاراوە:

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

/٥




ئەم تایبەتێتییانە زانیارییەکانیان واتاو ئەرك دەگرنەوە.

بەواتا تیۆری پشکنین، ئەرکی پشکنین‌و سڕینەوەی ئەو تایبەتێتییە ڕێزمانیانەیە، کە هیچ کاریگەرییەکی لە لێکدانەوەی واتای ڕستەدا نییە. بە نموونە بوونی دیاریکاری کات (Pres=Present) لە دامێنی گرێی گەردانکردندا، کاتی ڕستە دیاریدەکات، بەڵام دیاریکارە واتاییە پەیوەستەکان بە کردارەوە – لێکدانەوەی واتایی – دامێنی کردار دەگرێتەوە.

لەم ڕووەوە دەشێت بگوترێت: فۆرمی کردار (hates) پۆشەرو لەخۆگری تایبەتێتییە واتاییەکانی پێکهاتەکەیە – ئەم لێکدانەوانە لەڕووی جیاکاری نێوان بەرنامەی کەمینەو تیۆری دەسەڵاتو بەستنەوەوە دوو خاڵی گرنگ دێنێتە ئاراوە:

یەکەم لە بەرنامەی کەمینەدا بە بەراورد بە تیۆری دەسەڵاتو بەستنەوە، پلەبەندی زانیاری زۆرتری دەوێت، ئەگەرچی وشە سەرەییەکان سێ تایبەتمەندی دەخوازن، کە بریتین لە دەنگی، ئەرکی یان ڕواڵەتی، واتایی، کە پێشتر خرایەڕوو، هاوکات هەر سەرەیەك تایبەتێتی پەیوەست بە تەواوکەرو دیاریکارەکەی لە وشەکاندا جێگیر دەکرێت.

خاڵی دووەم ئەوەیە، کە لە بەرنامەی کەمینەدا تیۆری پشکنین جێگرەوەی تیۆری پێدانی دۆخ یان حاڵەتە لە تیۆری دەسەڵاتو بەستنەوەدا، تیۆری پشکنین: واتە ئەرکی پشکنینی تایبەتێتی تەواوکەرو دیاریکارەکانی پەیوەست بە تایبەتییەکانی خودی سەرەوەیە، نادیدەگرتنی گونجاندنی نێوان ئەم تایبەتیانە ڕیزبەندی نارێزمانی بەرهەمدێنێت.

لە بەرنامەی کەمینەدا بنەمایەك وەك بنەمایەکی چەسپاو بەناوی لێکدانەوەی تەواو دەخرێتە ڕوو، ئەرکێکی ئەم بنەمایە وەلانانی ئەو دەرکەوتە لۆژیکییانەیە، کە دیاریکارە ناواتاییەکان لەخۆدەگرن، گەر لە گەردانکردنی ڕستەدا لێکدانەوەی تەواو دەربڕینی فۆنۆلۆژی گەیەنەری چەمکی لۆژیکی بێت ئەوا گەردانکردنی دروست، یەکانگیری هەردوو لێکەوتەکە دەبێت، بەپێچەوانەوە یەکانگیرنەبوونی ئەو دوو لێکەوتەیە گەردانکردنێکی نادروستە/ تێکشکاوە. ئەوەی جێی سەرنجە لە بەشی دەنگسازیدا گرنگی بە دۆزینەوەی تایبەتێتی ڕێزمانیو واتایی نادرێت، خودی ئەم بارە ڕێگەخۆشکەرە بۆ بنەمای دەربڕینی دروست، پێشتریش ئاماژە بۆ ئەوە کرا هەرکات بنەماکانی دەربڕینی تەواو پێڕەوکرا، ئەوا گەردانکردن یەکانگیر دەبێت لە دەربڕینی فۆنۆلۆژیدا. ئەمەش بەرجەستەکردنی ئەو بۆچوونەی چۆمسکی یە، کە دەڵێت: زمان نەخشەکێشی نێوان دەنگ و واتایە، بۆیە ئەوەی پێویستە لێکدانەوەکان دیاریکاری ئاستی هاوبەشی پێکهاتەی واتایی و پێکهاتەی دەنگی بێت، چونکە زمان لەسەرێکەوە پەیوەستە بە جیهانی فیزیکی دەنگەکان و لەسەرێکی تریشەوە پەیوەستە بە جیهانی زانینی بیر. (وی، جی کوك: ١٣٨٧، ٢٨٥)


لە ڕوانگەی ئەم پێشینەیەوە سیمای گشتی بیچم یان فۆرمی بەرنامەی کەمینە تارادەیەك ڕووندەبێتەوە، کە تێیدا بەشی فەرهەنگ هەڵگری دەستپێکی دەوڵەمەندە لە تایبەتێتی دەنگسازیو ڕێزمانیو واتاییدا، خودی ئەم بەشە دەرکردەی سیستمی کۆمپیوتەر/ ژمێرەکاری یە، کە


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئاراستەی لێکدانو جووڵە تێیدا فەراهەم دەبێت، لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا زانیارییە تایبەتەکان بە گەردانکردنی ڕستە جیادەکرێنەوەو دەنێررێنە هەردوو بەشی لۆژیکیو دەنگسازی، لە بەشی لۆژیکیدا باڵادەستی سنووری سەرەفەرهەنگییەکان دیاریدەکرێت، ئەرکی پشکنینیان بۆ ئەنجامدەدرێت، لە بەشی دەنگسازیشدا دەربڕینی دروستی ڕستەکان دەستنیشان دەکرێن، ئەو هەنگاوەی کە ئەنجامدانی شیکاری درەختی زانیارییەکانە دەرکردەی شێوەی لۆژیکی LF و شێوەی دەنگی PF چۆمسکی بە spell-out واتە درکاندنی مەبەست بەپێی نیشانەی دەنگیو واتایی دەربڕاو. (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣، ٦١٨) بەواتا درکاندن بە خاڵی جیاکاری یان دابەشکردن بۆ نیشاندەری دەنگیو نیشاندەری واتایی دادەنرێن، پێشتر ئاماژە بۆ ئەوە کرا، کە بەرنامەی کەمینە فەرهەنگ و ژمێرەکاری پێکدێنێت، هاوکات ئەوەش خرایەڕوو کە لەم بەرنامەیەدا دوو جۆر جووڵەی ئاشکرا ئەنجام دەدرێت: جووڵەی دیاریکارەکان، کە جووڵەیەکی لۆژیکییانەیە، بە نموونەوە خرایە ڕوو، جووڵەی سەرەبەسەرە، لەم جۆرەدا گواستنەوەی سەرەیەکە بۆ شوێنی سەرەیەکی تر، خودی ئەم جووڵەیە پەیوەستە بە سیستمێکی ژمێرەکاری، لە بەشی ڕستەسازی پێش قۆناغی دەربڕین ڕوودەدات، هەر لەم ڕوانگەیەوە جیاوازییەکی بەرنامەی کەمینە لەگەڵ تیۆری دەسەڵاتو بەستنەوە، خۆرزگارکردنی ئەم بەرنامەیە لە دیوی شاراوەو ئاشکرا، بەجۆرێك لە دەسەڵاتو بەستنەوەدا دیوی شاراوە بە دارشتەی تەواو دەناسرێت، لەکاتێکدا لە بەرنامەی کەمینەدا ڕەوتی پێکهێنان ڕەوتێکی پلەدارە، گرنگی زۆرتری بە ئاراستەی کردەکانی ناوەوەی دروستکردنی خشتەی درەختی جیاوازە لەڕێی کردەی لێکدان – merge – بەو واتایەی بەرنامەی کەمینە بەرنامەیەکی ڕەوتی ئاڵوگۆڕە، بەشە جووڵەیەکە لە سیستمی ژمێرەکاری چونکە یەکە پێکهێنەرەکانی خشتەی درەختی جووڵە دەکەن جا بەمەبەستی گونجاندن/ ڕێکەوتن، لە کات و کەس...تر بێت (وی، جی کوك: ٢٠٠٩، ٢٩٣). بە نموونە:


/٦




لەم هێڵکارییەدا جێ بۆ spec دیاریکار نییە، چونکە بکەر بۆ ناوەوەی ڕێککەوتن جووڵە دەکات، بۆیە دەبێت جێیەك بۆ دیاریکاری دیارییکرێت و بکەری بۆ بجووڵێنرێت، وەك لە هێڵکاری دووەمدا بەدیدەکرێت:


المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

/٧




یەکێکی تر لە نموونەکانی جووڵەی سەرە، هاتنە ئارای کاری یاریدەدەرە – لە زمانی ئینگلیزیدا – بە بۆچوونی (ڕادفۆرد) کاری یاریدەدەر لە سەرەی گەردانکردندا (I کات و کەس) دەگوازێتەوە بۆ شوێنی سەرەی تەواوکەر – C وەك لە نموونەکەدا خراوەتە ڕوو. (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣، ٦١٩)

/٨




ئەم نموونەیە ئەوە دەگەیێنێت، کە سەرەی تەواوکەری C خاوەنی دیاریکاری Q پرسی بەهێزە، لە ئەنجامی هاتنە ئارای کاری یاریدەدەر، بە باوەڕی چۆمسکی ئەم سەرەیە ئاماژەو نیشانەی چەمکەکانی ڕاگەیاندنو پرسیارو هاوشێوەکانێتی. (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣، ٦١٩) هەر لەم بۆچوونەوە دەتوانرێت بگوترێت: فۆرمەکانی ئایا، ئەرێ، ئاخۆ، دەشێت، ڕەنگە... داوای تەواوکەر دەکەن، کە بڕێك زانیاری لە شێوەی هەواڵگەیاندن یان پرسکردن لەخۆبگرێت، لە زمانی ئینگلیزیدا جگە لە هاتنەئارای کاری یاریدەدەر، بوونی جووڵەی وشەی پرسە (wh..) دیاردەیەکی ئەو زمانەیە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1


المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**سێیەم: جووڵەی وشەی پرس**

لە بەرنامەی کەمینەدا بە جووڵەی کاربەر (operator movement) دەناسرێت، ئاراستەی جووڵە لە شوێنی – جێکەوتەی بابەتەوە بۆ جێی دیاریکاری گرێی تەواوکەر دەبێتو شوێنپێ جێدەهێڵێت، ئەم جووڵەیە دەشێت درێژەی هەبێت – جووڵەی خولاو – بۆ جێی دیاریکاری گرێی تەواوکەری باڵاتر.

بە بۆچوونی ڕادفۆرد: بنەمای مسۆگەرکردنی نزیکترین جووڵەی خولاو جارێك مەرجی کەمینەو جارێك مەرجی پەیوەندی کەمینەو جارێك بنەمای کورتترین جووڵەیە. (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣، ٦٢٠) بەواتا جووڵەی وشەی پرس هەنگاو بەهەنگاو دەبێت، بزوێنەری جووڵەی وشەی پرس لە بەرنامەی کەمینەدا ئەوەیە، کە سەرەی تەواوکەر جگەلەوەی خاوەنی دیاریکاری وشەی پرسە Q، خودی دیاریکار دیسان دەیەوێت، کە دیاریکارەکەی دەبێت وشەی پرس بێت، بەم شێوەیە وشەی پرس لەجێی خۆیەوە بۆ جێگەی دیاریکاری سەرەی تەواوکەر دەگوازرێتەوە، تاکو ئەو سەرەیە بتوانێت پشکنین بۆ دیاریکارەکەی خۆی بکات. ئەگەر ئەمە بنەمای تیۆریو پراکتیکی جووڵەی وشەی پرس بێت لە زمانی ئینگلیزیدا، ئەوا لە زمانی کوردیدا ئەم بنەمایە پێڕەو ناکرێت، بەڵکو لە ڕوانگەی پرسیاری گشتی و تایبەتەوە لێکدانەوەی بۆکراوە، لە پرسیاری گشتیدا جگە لە ڕۆڵی ئاواز، فۆرمەکانی ئایا، ئەرێ، ئاخۆ... شوێنی دیاریکاری ڕستەی پرسیار دەگرن.

٩/ ئەرێ تۆ من دەناسیت؟





لە بەراوردی شیکارەکە لەگەڵ شیکاری ژ (١٠) ئەوە بەدیدەکرێت، کە فۆرمەکانی (ئایا، ئەرێ، ئاخۆ) چەمكو جێی کاری یاریدەدەر دەگرنەوە، بەواتا C لە CPدا جێگەی بنجیی فۆرمەکانە، نەك گوازرابێتنەوە. هاوکات لە پرسیاری تایبەتیدا، وشەی پرس لە پێکهاتەی ڕستەدا جێی ئەو کەرەسەیە دەگرێت، کە بەپێی ئەرکی ڕێزمانی لە ڕستەی وەڵامدا دێت(١)، وەك لە نموونەکاندا خراوەتە ڕوو:

| پرسیار | وەڵام |
|---|---|
| کێ هات؟ | ئازاد هات. |
| کێت دی؟ | ئازادم بینی. |
| نامەکەت دا بە کێ؟ | نامەکەم دا بە ئازاد. |

١٠/ ئاخۆ، کەی باران ببارێت؟


المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)




**چوارەم: جووڵەی بابەت**

جۆری چوارەمی جووڵە، بە جووڵەی بابەت دەناسرێت، بەواتا جووڵەی گرێی ناوییە لە جێیەك بۆ جێیەکی تر بەمەبەستی پشکنینی حاڵەت، بەواتا دەستپێکە ناوییە گەردانکراوەکان خاوەنی جێکەوتەو حاڵەتی خۆیانن لە جووڵەدا حاڵەتیان پێنادرێت، بەڵکو پشکنینی ڕاستی حاڵەتەکەیان بۆ دەکرێت. بۆ نموونە جووڵەی گرێی ناوی بەرکاری بۆ جێی گرێی ناوی بکەری لە بکەرنادیاردا. وەك:

١١/ ئازاد کتێبەکەی کڕی.
گ.ن






DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

١٢/ ... کتێبەکە کرا.
گ.ن




ڕێگەپێدراوی ئەم جووڵانە بەمەبەستی خزمەت بەخۆگەیاندنە، بەهیوای ڕازیکردنی تایبەتێتیەکانی خۆی بۆ دڵنیابوون لە ڕێزمان دروستی ناوەکە، بەواتا جووڵەی بابەتەکان لە بەشی ڕستەسازیدا، بەشی سیستەمی ژمێرەکارییە، چونکە ئەوەی دەگوترێت شێوەی دەربڕینە، پشکنینی ڕاستێتی ڕێزمانی لە بەشی فۆرمی لۆژیکیدا ئەنجامدەدرێت.

**٢) جووڵەی گرێی ناوی بەرکاری**

لە شیکاری نموونەکاندا ئەوە بەدیدەکرێت، کە ڕستەی بکەردیار لە چوارچێوەی گرێی کاتو کەسدار IP کەسی بکەر دەتوانرێت لە جێگەی خۆیدا پشکنینی بۆ بکرێت، هاوکات گرێی ناوی (کتێبەکە) کە بەرکارە لە جێگەی خۆی پشکنینی بۆ دەکرێت، هاندەرێك بۆ جووڵەی نییە، لەکاتێکدا لە نموونەی دووەمدا، فۆرمی کتێبەکە ناتوانرێت لە جێگەی خۆیدا پشکنینی بۆبکرێت چونکە کرداری (کرا) بکەر نادیارە بۆیە جووڵەی پێدەکرێتو دەگوازرێتەوە بۆ جێگە دیاریکاری سەرەی گرێی کاتو کەس (IP)، کە دیسان بە ڕێککەوتن ئەنجامدەدرێت.

گریمانەی بوونی بکەر لە پێکهاتەی گرێی کرداردا، گریمانەیەکە لە چوارچێوەی بەرنامەی کەمینەدا لێکدانەوەی بۆدەکرێت، بەپێی ئەم بنەمایە جێی بنجی بکەرەکان لە دیاریکاری گرێی گەردانکردندان واتە دیاریکاری گرێی کات T، پاڵنەری ئەم جووڵەیەش بنەمای ڕازیکردنە، بۆیە گرێی ناوی ناتوانێت لەجێی دیاریکاری گرێی کرداردا دۆخی بکەری خۆی بپشکنێت، بۆیە بۆ نزیکترین جێی بەتاڵی بابەت – spec – دەگوازرێتەوە، بەواتا ئەم جووڵەیە بەخورتییە.

هێنانە پێشەوەی ناوی بکەر لە ڕستەی ئاڵۆزدا وەك:


پێدەچێت، ئازاد کتێبەکەی کڕیبێت/ بکڕێت.

ئازاد پێدەچێت، t کتێبەکەی کڕیبێت/ بکڕێت. (بڕوانە شیکاری ژ:١٤)


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

/١٣




/١٤




ئەگەرچی جووڵەی گرێی ناوی لە قۆناغی لێکدانی بابەتەکاندا، ناوەکین، بەڵام جووڵەی گرێی ناوی لەجێی دیاریکاری کردار بۆ دیاریکاری گرێی گەردانکردن – کات – دەبێتە رووکەش. زمانەوانان ئەم جووڵەیە وەك جووڵەی باڵابوون دەناسێنن، چونکە بکەری گرێی کردار بەرزدەکەنەوە بۆ گرێی گەردانکردن (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣، ٦٢٥) لە ڕوانگەی لێکدانەوەکانەوە ئەوە خراوەتە ڕوو، کە جووڵەی دیاریکاری سەرەو دیاریکارەکانیان هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر لێکدانەوەی واتایی ڕستە نییە، تەنها بۆ پشکنینی ڕاستی ڕێزمانیی دەربڕراوە، لەکاتێکدا جووڵەی سەرە بەسەرە – هاتنە ئارای کاری یاریدەرە، وشەی پرس، بابەت – لێکەوتەی لۆژیکی دروست بەرهەمدێنێت، ڕاستی ڕێزمانی دیاریدەکات، لەگەڵ خۆبەدوورگرتن لەهەموو تێکردەیەکی زیاد.

**پێنجەم: پرۆژە گەورەکراوە نوێکان/ پرۆژەی نوێی گەورەکراو:**

ئەم بەشە لە بەرنامەی کەمینەدا سێ گرێی گەورەکراوی زۆرینە لەخۆدەگرێت، کە دەبنە وەڵام بۆ ئەو گرفتانەی لە شیکاری گرێ گەلێکدا دەهاتنە ئاراوەو بریتین لە:

٥/١– گرێی کرداری سەرەیی و گرێی کرداری توێکڵی:

سەرەتا ئاماژەیەك بە پرۆژەی گەورەکراوی زۆرینە دەدەین لە تیۆری دەسەڵاتو بەستنەوەدا بەوەی، کە پەلك دەکرێتو دەڕوانێت بەسەر پێکهێنەرەکانیداو دەیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە بەواتایەکی تر، دەشێت پرۆژەی گەورەکراوی زۆرینە VP یان PP یان S بێت. (ابوبکر عمر قادر:



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


٢٠١٧، ١٣٦) لێرەوە دەگوترێت: پرۆژەی گەورەکراوی زۆرینە، گرێیەکە، خاوەنی بەهای جووت بارە وەك ($N^=$، $V^=$، $P^=$)، کە هەمووان بە $X^=$ دەنوێنرێن، لەم روانگەیەوە گرێی کردار وەك پرۆژەیەکی گەورەکراو لە چوارچێوەی بەرنامەی کەمینەدا لێکدانەوەی بۆدەکرێت.

بەپێی ئەم پێشینەیە کردار، کە بنج و سەرەی گرێی کردارییە، دەشێت تێپەڕ یان تێنەپەڕ بێت دەشێت تەواو یان ناتەواو بێت، هەریەکەیان داواکراوەکانی خۆیان دیاریدەکەن، هاوکات هەندێك کرداری تێپەڕ داوای دوو تەواوکەر دەکەن، لەم روانگەیەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، کە گرێیەکی کرداری، دەکەوێتە گرێیەکی کرداری ترەوە، گرێی کرداری ناوکی وشەیەکی فەرهەنگییە بۆیە پێی دەگوترێت گرێی کرداری سەرەیی، بەڵام گرێی کرداری دواتر خاوەنی سەرەیەکی بەتاڵە بەسەرە Ø، بە جۆری کرداری سووك (light verb) دادەنرێت، پێی دەگوترێت گرێی توێکڵی – توێکڵە گرێ – لە دیاریکردن و جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆر کرداره‌دا چۆمسکی شیکاری لارسن پەسەند دەکات بەوەی هێمای گرێی ناوکی V گەورەو توێکڵەگرێش v بچووك دادەنێت و سووکەکرداریش بە کەتیگۆرییەکی ئەرکی ئەژمار دەکات، هاوکات رادفۆرد ئەم شێوە روونکردنەوەیەی لە شیکاری درەختیدا پەیوەستکردووە بە کردارەوە. (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣، ٦٣٠) بۆ نموونە:

١٥/ ئازاد کتێبێکی بە دانا بەخشی.




١٦/ ئازاد کتێبێکی بەخشی بە دانا.




ئەوەی لەم شیکارەدا جێی سەرنجە:

1- هەموو گرێکان دوو پەلکەن.

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

2- گرێی ناوی کتێبێکی لەجێگەی دیاریکاری گرێی کرداردا جێگەی بابەت دەگرێتو گرێی پێشناویش تەواوکەرە بۆیە هاوشانی گرێی کردار – سەرەی کرداری بەخشی دەبێتو ڕێگەخۆشکەرە بۆ جوولەی سەرەبەسەرەو لەگەڵ کرداری دوو بەرکاریدا گونجاوە. بەواتا V بچووك وەك سەرەیەکی بەتاڵ لەگەڵ تەواوکەری فرێزی ناویدا دێتو پشکنین بۆ داواکراو دەکات.

جاکندوف ئەم ڕۆنانە نوێیە – دوو پەلکی – بە ناپێویست دادەنێت، چونکە پێباشبوونی بەم پێکهاتەیە خوازیاری جۆرێك پێکهاتەی ئەبستراکت دادەنێت (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣، ٦٣٠) کە لە ڕەوتی ڕستەسازیو واتاسازی بەرهەمهێندا ئاماژەی بۆکراوە.[1] (بەوەی پەیوەندی نێوان فۆرمی ڕستەو واتاکەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە، چونکە جیاکاری لێکجیاکردنەوەی نێوان دیوی شاراوەو واتا لەئارادا نییە، هاوکات خودی واتا بەشێکی بەرهەمهاتووی زمانە، بەم پێیە پەیوەندی نێوان واتاو فۆرم لە واتاسازی بەرهەمهێندا ئەم هێڵکارییە دەنوێنێت[2]:

واتا (= دیوی شاراوە) DS
↓
فۆرم (= دیوی ئاشکرا) SS

٢/٥ گرێکانی دەسپێك (Topic) و گرێکانی تیشکۆ (Focus)


ڕستە، کە هەردوو بەشی سەرتۆپ/ مبتدأ و گوزارە/ خبر پێکی دێنێت، سەرتۆپ دەسپێکی پێکهاتەی پێشبینی کراوەو دوای دەربڕینی، هەڵوێستەیەك دەکرێت، دواتر بەشەکەی تری گۆدەکرێت، هەرچی سەرتۆپە زانیارییەکانی بۆ گوێگر زانراوەو بەشی گوزارە زانیاری نوێ لەسەر دەسپێك دەدات بەدەستەوە. لەم ڕوانگەیەوە کاروان عمر لە ڕستەی باسمەندا دەسپێك بە سەرتۆپ Topic و گوزارەش بە کۆمێنت Comment دیاریدەکات. (کاروان عمر: ٢٠٠٨: ١٤). لەکاتێکدا لێکدانەوەو تێڕوانینی نوێی ڕیتزی لە بەرنامەی کەمینەدا بۆ پێکهاتەی هاوشێوەو ڕوانگەو چەمکی زۆر جیاوازدا پێکهاتەکە بە تیشکۆی پێشەکی گریمانەکراو (focus-presupposition) ناودەبات (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣، ٦٣٥) وەك لە نموونەکەدا تێبینی دەکرێت:

<u>کتێبەکەت</u>، <u>تۆ</u> دەبێت بیدەیت بە کەما، نەك کەتان.

لەم ڕستەیەدا، پێکهاتەی پێشبینی کراو، کە خاوەنی پشت بەستوویی تیشکۆییە زانیاری نوێ لەخۆدەگرێت، لەکاتێکدا پاشماوەی ڕستە زانیاری کۆنی گریمانە کراوە. ئەم هێڵکارییە دەرخەری بۆچوونەکەیە:

١٧/

XP = topic بەواتا
YP = comment





لەم پێکهاتەیەدا گرێی فراوانکراوی زۆرینە، گرێی دەسپێك/ سەرتۆپە، کە لەجێی دیاریکاری گرێکە، سەرتۆپ جێگە دەگرێت، تێیدا Top° دەبێتە سەرەو YP تەواوکەری سەرە واتە گوزارە، جگە لەوەی پێچەوانەی واقعە، تەنیا لە شێوەی هەبووندا شێوەی سەرتۆپ دەگرێت.

لە شیکارێکی درەختی ئێکس باری نوێدا ڕیتزی پێکهاتەی تیشکۆ – لە بیچمێکدا دەخاتە ڕوو:


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

/١٨




لەم شیكارەدا:

1- فۆرمی (كتێبەكەت) كە گرێی ناوی بەركارییە هێنراوەتە سەرەتای ڕستەو بە ZP یەكسان بە تیشكۆیەو لە بنەڕەتدا بەشێكی پێكهاتەی كۆمێنتە.

2- Foc¯ گرێی فراوانكراوی زۆرینە بنجەكەی Foc°/ تیشكۆیەو جێگەی دیاریكاری گرێكەی گرتووە.

3- WP بە گریمانەی پێشبینیكراو یان زانیاری چاوەڕوانكراو دێت.

ئەم شیكارانە ئاماژەن بۆ گەشەی لێكدانەوەكان لە بەرنامەی كەمینەدا، كە تێیدا پشكنین یەكانگیری هەردوو لێكەوتەی دەنگی و واتایی بەرجەستە دەكات و خوێندنەوەی تەواو دێنێتە ئاراوە.

٣/٥ گرێكانی پاڵدراو گرێكانی گوزارە

لە ڕێزمانی باودا – تقلیدی – ئاماژە بۆ گرێكانی نیهادو گوزارە دەكرێت، كە دوو پێكهێنەری بنجی ڕستەن، بەوەی كە بكەر بنجی گرێی نیهادو كرداریش بنجی گرێی گوزارەیە، هەر لەم ڕوانگەیەوە بوورز پێیوایە هیچ پەیوەندییەك لە ڕۆناندا، لە پێكهاتەی ڕستەیی‌و واتاییدا هێندەی درانەپاڵی – ڕێكەوتن – تۆكمە نییە. (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣، ٦٣٨)گرێی گرێ پاڵدراوەكان كەم تا زۆر جێگۆڕكێ بەرەو گرێی گرێكانی توێكڵدار دەكەن، چونكە گرێكانی پاڵدراو بەپێچەوانەی گرێی توێكڵەدار هەمیشە لە ڕستە سەرەكی‌و شوێنكەوتووەكاندا جێكەوتەگەلێك بە بەتاڵی دەهێڵنەوە، كە كرداری ڕستەكان دەیانخوازن. بەمەش دەتوانرێت لێكدانەوەیەكی ڕوونی دیوی شاراوەی ڕستە شوێنكەوتووەكان یان گرێ كردارییەكان بكرێت.


١٩) دەزانم، ئازاد دەڕوات بۆ زانكۆ.

لە شیكاری بووزدا ڕستەی سەرەكی و ڕستەی شوێنكەوتوو لەئاست پاڵدراویدا خاوەنی پەیوەندییەكی پێكهاتەیی یەكسانن، لە شیكاری ڕستەكەدا گواستنەوەی سەرە بەسەرە دەخرێتە ڕوو:

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

/١٩





ئەوەی لەم شیكارەدا بەدی دەكرێت بوونی جیاوازییە بە بەراورد لەگەڵ شیكارەكانی پێشتردا، كە تێیدا سەرەی پاڵدراو Pr هاتووەو كەتیگۆرییەكی ئەركییە، جێكەوتەی بكەر شوێنی دیاریكاری ڕستە، گرێی پاڵدراوە، تەواوكەرەكان دەچنە جێگەی دیاریكاری گرێ كرداریيەكان، بەمەش كردارەكان بەخورتی دەگوازرێنەوە بۆ جێكەوتەی سەرەی پاڵدراو واتە Pr، داهێنانێكی تری برووز گرێی تێپەڕە TrP سەرەی گرێكە سەرەی تێپەڕە Tr، تێپەڕ كەتیگۆرییەكە، كە دەشێت لەلایەن سەرەوە هەڵبژێرێت، لەم ڕوانگەیەوە، لە شیكاری درەختیدا لەنێوان سەرەی پاڵدراو و سەرەی كرداردا جێیەك هەیە جێی دیاریكاری سەرەی تێپەڕەو گرێی ناوی بەركاری دەگوازرێتەوە بۆی. بەم چەشنە بەپێی شیكاری برووز سەرەی كات T پشكنین بۆ حاڵەتی بكەری دەكات، سەرەی تێپەڕیش Tr پشكنین بۆ بەركار دەكات وەك لە گێڕانەوەی ئەم نموونەیەدا بۆ ڕۆنانی شاراوە تێبینی دەكرێت.

٢٠) ئەوان پێیانوایە، ئازاد دڵسۆزە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


/٢٠




٢١) ئەوان پێیانوایە، ئازاد دەڕوات بۆ زانکۆ.

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

/٢١





وردبوونەوە لە هێڵکاری (ژ: ٢١) ئەوە دەخاتەڕوو، کە جێکەوتە بەتاڵەکان ڕێگەخۆشکەرن بۆ گواستنەوەکانو بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕێزمان دروست، تا بتوانرێت چەمکو مەبەستی خوازراو بدرێت بەگوێی بیسەرەکانداو ڕستە ئامانجی خۆی بپێکێت.

هەر لەم ڕوانگەیەوە سیمای گشتی بەرنامەی کەمینە لەم شیکارەدا خراوەتەڕوو:


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1


المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:١-٣٣
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

/٢٢




هاوکات ئاماژە بەم هێڵکارییەش دەکرێت: (وی، جی کوك، مارك نویسان: ٢٠٠٩، ٢٩٥)

/٢٣




لە چوارچێوەی ئەم بەرنامەیەدا بەراوردی گرێی کرداری لە هەردوو زمانی کوردی و فارسیدا دەخرێتە روو.

**بەشی دووەم/ بەراورد**

گرێی کرداری کە پێکهێنەری سەرەکی رستەیە، تێیدا کردار سەرەی پێکهێنەرەو لەڕوانگەی تێپەڕیو تێنەپەڕیو پێکهاتە فەرهەنگییە جۆراوجۆرەکانەوە شیکار دەکرێن، دەبێت ئەوە لەیادنەکرێت، کە کۆتایی پێکهاتەی رستە گرێی کردارییە، سەرەکی بێت یان شوێنکەوتوو، کە تێیدا بنج یان سەرەی گرێ، پەیوەندییە رێزمانییەکانی لەگەڵ ئایتمەکان رێکدەخات لەچوارچێوەی هەڵبژاردنو لێکداندا. بەپێی بەرنامەی کەمینە زمان پێکهاتەیەکە لە وشە فەرهەنگییەکان، کە هەر وشەیەك تایبەتێتی پەیوەست بەخۆی لەڕووی فەرهەنگو سیستمی ژمێرەکارییەوە هەیە (computational system) بەناونیشانی بەرهەمهێنی نیشانەی رستەی (phrase markers) ئەژماردەکرێن (عباسعلی آهنگر: ١٣٧٨، ٦). هەر لەم ڕوانگەیەوە، لە گەردانکردنی گرێو رستەدا، سیستمی ژمێرکاری بە ژمارەگەلێك لە یەکە فەرهەنگییەکان دەستپێدەکات. ریزبەندی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دووبارەبوونەوەیان لە دەربڕاوەکاندا بە ئەژمارکردن/ Numeration دەناسرێت بەواتایەکی تر هەڵبژاردنو لێکدانو جووڵەی ئایتمەکان، گەردانکردنی دروست بەرهەمدێنێت، کە هەردوو لێکەوتەی دەنگیو واتایی/ لۆژیکی بەرجەستە دەکات و بە درکاندن ناودەبرێت.


لێرەدا پێویستە ئەوە بەیادبێتەوە، کە گرێی کرداری پرۆژەیەکی زۆرینەی فراوانکراوە، کە دەشێت VP یان S بێت، خودی کردار بنچو سەرەی پرۆژەکەیە، دەشێت تێپەڕ یان تێنەپەڕ بێت لە هەردوو بارەکەدا گرێیەکی کرداری دەکەوێتە گرێیەکی کرداری ترەوە، گرێی کرداری ناوکی کە سەرە تێیدا وشەیەکی فەرهەنگییەو بە V گەورە ئاماژەی بۆ دەکرێت، گرێی کرداری دواتر خاوەنی سەرەی بەتاڵە Ø بە v بچووك دەناسرێتو بە گرێی توێکڵی یان سووکە کرداریش ئاماژەی بۆکراو (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣، ٦٣٠)

لەچوارچێوەی لێکدانەوەی ئەم دوو جۆر گرێیە لە زمانی فارسیدا، (عباسعلی آهنگر: ١٣٧٨، ٧) ئەم لێکدانەوەیە دەخاتە ڕوو:

1- گرێی کرداری سەرەیی، گرێیەکی سەرەی فەرهەنگیو تەواوکەرێك لەخۆدەگرێت.
2- گرێی کرداری توێکڵی (VP shells)، کە خاوەنی سەرەیەکی بەتاڵە، زیاتر لە تەواوکەرێك لەخۆدەگرێت.

بەم پێیە گرێکانی کرداری توێکڵی پێکهاتەی دوولایەنیان هەیە، بەناونیشانی گرێی کرداری سەرەیی یان ناوکی (inner VP core) خاوەن سەرەی فەرهەنگیو گرێی کرداری توێکڵی/ دەرەکی تر (outer VP shell) لە ڕەوتیدایەو سەرەیەکی بەتاڵ یان ئەبستراکتی هەیەو لایەنێکی نادیار ڕووندەکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە چۆمسکی ئەم شیکارە درەختییە دەخاتە ڕوو (عباسعلی آهنگر: ١٣٧٨، ٧)

/٢٤




ئەم شیکارە ڕێگا خۆشکەرە بۆ لێکدانەوەی گرێی کرداری لە زمانەکانی کوردی و فارسیدا، بەراوردکردنی گەردانکردنیان لە بەرنامەی کەمینەدا.

**٢– شیکاری گەردانکردنی گرێی کرداری سەرەیی:**

سەرەتا ئەوە دەخرێتەوەیاد، کە بە بڕوای چۆمسکی (١٩٩٥) دەربڕراوە زمانییەکان π، λ کە گوزارشت لە لێکەوتە دەنگیو واتاییەکان دەکەن، مەرجی دەرکردە out-put بەدی دێنن، بەواتا دەبێت ڕوونی تەباییو گونجاندن لەنێوانیاندا هەبێت، پشت بەستوو، بە هەڵبژاردنی یەکە/ ئایتمی فەرهەنگی شیاوو دروست، بە چەشنێك، کە سیستمی ژمێرەکاری ئایتمە فەرهەنگییەکان لە ئەژماری یەکە فەرهەنگییەکاندا هەڵدەبژێرێتو دەیانکاتە یەکەی سینتاکسی و هەردوو دەربڕراوی π فۆرمی دەنگیو λ فۆرمی لۆژیکی دیاریدەکرێن هاوکات خودی یەکە فەرهەنگییەکان بە نۆرەی خۆیان نیشاندەری کەرەتی هەڵبژاردنی ئایتمە فەرهەنگییەکانن لەچوارچێوەی سیستمی ژمێرەکاریدا، بەم پێیە ئەژمارە فەرهەنگییەکان وەك دەرکردەی سیستمی ژمێرەکاری بەشێوەی کۆمەڵەیەك لە جووتەکان (LI, i) دەخرێنەڕوو، بەو چەشنەی، کە LI ئایتمێك لە فەرهەنگو (i) پێرستی ژمارەو کەرەتی هەڵبژاردنی ئەو ئایتمەیە لە دەربڕراوێکدا.

بەواتا: ئایتمی فەرهەنگیی لە ئەژمارە فەرهەنگییەکانیدا هەڵدەبژێررێتو پێرستەکەی تا ژمارەیەك کەم دەکرێتەوە، دواتر ژمێرەکاری شیاوی بۆ ئەنجامدەدرێت، ژمێرەکاری بەدەستهاتوو هیچ کات بەناونیشانی ڕۆنانێکی یەکانگیر دانانرێت، تاوەکو پێرستی ئایتمە فەرهەنگییەکان بۆ ژمارە سفر نزم نەبێتەوە (عباسعلی آهنگر: ١٣٧٨، ٨) بۆ نموونە:


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئەو پیاوە، ئەو کتێبەی نووسیوە.

(ئەو، ٢) (پیاوە – ی، ٢) (کتێبە، ١) (نووسیوە، ١)

پاش دیاریکردنی شیکارەکە، خودی شیکارەکە دەبێت نیشاندەری پەیوەندی رووتی هەردوو ئاستی شێوەی دەنگیو شێوەی لۆژیکی بێت، هاوکات دەبێت شیاوترین بێت، لەم شیکارەدا تێبینی ئەوە دەکرێت، سەرەتا یەکە فەرهەنگییەکان هەڵبژێرراونو دواتر ئەژماری یەکە فەرهەنگییەکان کراون، فۆرمی (ئەو) دووجار بەکارهێنراوە، فۆرمی پیاو دووجار، جارێك وەك خۆی جارێك لە شێوەی جێناودا، تاوەکو دەربڕراو ڕێزمانی بێت، کتێبو نووسیوە/ نووسین یەکجار بەکارهێنراون. بەواتا یەکە فەرهەنگییە هەڵبژێرراوەکان (کە کۆمەڵێك لە تایبەتمەندین، لە فەرهەنگدا پێرست بەندییان بۆ دەکرێت) لە ئەنجامی کردەی لێکدان گەورەتر دەبن.

دیسان دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت، کە چالاکی لێکدانی یەکە سینتاکسییەکان ئەم دوو بنەمایە پەیرەو دەکات: (عباسعلی آهنگر: ١٣٧٨، ١٠)

1- بنەمای سەرە: هەر پێکهاتەیەکی رستەیی/ ڕێزمانی جێکەوتەیەکی سەرەی وشەیی هەیە، بەپێی ئەم بنەمایە سەرە دیاریکاری تایبەتێتی ڕێزمانی و واتایی گرێکەیە.(٤)

2- بنەمای لێکدانی دووانەیی (binary principle): هەر پێکهاتەیەك دووپەلکیە (binary branching)، بەواتایەکی تر هەموو گرێ ناکۆتاکان گرێی دووپەلکەن لە شیکاری درەختیدا، بەپێی ئەم بنەمایە پێکهاتە رستەییەکان لێکدانی دووانەییان هەیە بۆ بنیادی پێکهاتەی گەورەتر. هاوکات لەڕوانگەی تایبەتێتی یەکە/ ئایتمە فەرهەنگییەکانەوە دەروانرێتە مەرجی گشتگیری لە بەرنامەی کەمینەدا.

مەرجی گشتگیری: هەر پێکهاتەیەکی بەرهەمهاتوو بەپێی سیستمی ژمێرەکاری (بەتایبەت $\pi$ و $\lambda$) لە یەکە فەرهەنگییە هەڵبژێرراوەکانی ئەژماری فەرهەنگی گەردانکراودا جگە لە ئامانجی ڕیزبەندیو ڕێکخستنەوەی ئایتمەکان هیچ مەبەستێکی تایبەتێتی فەرهەنگی نییە، واتە دەربڕراو وەك یەکەیەکی یەکانگیر لە دەنگو واتایەو پێکهێنەری پەیوەندی پراوپڕن.

پشت بەستن بەم پێشینانە، ئاماژە بۆ جۆرەکانی گرێی کرداری لە پێکهاتەی رستەدا دەکرێت، لەڕوانگەی تێنەپەرو تێپەڕو داواکارییەکانیان لەپێناوی کورتبڕیو بەراوردێکی زانستییانەدا نموونەی هەردوو زمانەکە پێکەوە ئەنجامدەدرێن.

پێشتر ئاماژە بۆئەوەکرا، کە گرێی کرداری پرۆژەیەکی زۆرینەی فراوانکراوە، کە دەشێت VP یان S بێت بۆیە ئەوە بەیاد دەهێنرێتەوە، کە لە بەرنامەی کەمینەدا بۆ خستنەڕووی چۆنێتی دەرکەوتنی پێکهاتەی بکەر پێش ئایتمە ڕێزمانییەکانی تری رستە، پێشنیازی ئەوە کراوە، کە سەرەی گرێی کات T دەبێت خاوەنی دیاریکاری گۆنەکراوو بەهێز {uD*}(٥) بێت، تا جووڵەی چاوەڕوانکراو بەئەنجام بگەێنرێت (مزدك انوشه: ١٣٨٨، ٢٠٦) هەر لەم ڕوانگەیەوە، گرێی کرداری گەورەو بچووك بەپێی ڕیزبەندییان، سەرەی گرێی بالا سەرەیەکی بەتاڵە Ø و سەرەی گرێی خوارتر جێکەوتەی کرداری سەرەکیی/ فەرهەنگییەو لە شوێنی بنجی خۆیەوە دەگوازرێتەوە بۆ شوێنی سەرەی بەتاڵ – گرێی کرداری دەرەکی – لەم بۆچوونەوە چۆمسکی (١٩٩٥) پێشنیازی ئەوەی کردووە، گرێی کرداری دەرەکی پرۆژەی کردارێکی سووکە، کە بنج و بنەمای گۆکردنی نییە، بەواتا (v بچووك) سووکە کردارێکەو پەیوەستی دیاریکارێکی گۆنەکراوی بەهێزە {uv*} هاوکات جووڵەی کرداری بنجی بۆ شوێنی گرێی کرداری بچووك یان دەرەکی (vP) و پێوە پەیوەستبوونی دەبێتە پشکنین، خودی پشکنینی دیاریکاری گۆنەکراو زیادکردنی چەمکی هێزە بۆ تیۆری پشکنین، کە جووڵەی پێکهاتەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بەپێی شیکاری گرێی کرداری توێکڵی، لە پێکهاتەی دوو بەرکاردا، بکەر لە دیاریکاری گرێی کرداری بچووکدا (vP)، بەرکار لە دیاریکاری گرێی کرداری بنجی (VP)دایە، بەرکار لە جێکەوتەی تەواوکەری سەرەی گرێی کرداریدا ئاشکرا دەبێت، بەواتایەکی تر بابەتە داواکراوەکانی کردار لە پێکهاتەی رستەدا پەیوەندییەکی یەکسانیان نییە بە سەرەی گرێی کردارەوە، کە پەیوەستی بەدیهێنانی ئەرکیو واتایین. (مزدك انوشه: ١٣٨٨، ٢٠٣)


لە ڕوانگەی ئەم پێشینەیەوە پێکهاتە جیاوازەکانی کرداری تێنەپەرو تێپەڕ شیکار دەکرێنو بەراورد دەکرێن:

١– کرداری تێنەپەڕ: ئەو کردارەی دیاریکارەکەی وەك تەواوکەرێك لە ئەرکی بکەریو جێگری بکەردایە، بەواتا گرێی ناوی بکەری دەشێت کارا یان کارتێکراو یان...تد بێت، بۆ ئەم مەبەستە ئاماژە بە شیکاری ژ: ٢٥ی چۆمسکی دەکرێتەوە:


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


/٢٥




له ڕوانگەی ئەم شیکارە درەختییەوە بەراوردی نموونە هاوپێکهاتەکانی زمانی کوردی و فارسی دەخرێتە ڕوو:


/٢٦ أ– ئازاد هات.

ب– احمد آمد.




/٢٧ شووشەکە شکا.

شیشە شکست.





* Pr: کەتیگۆرییەکی ئەرکییە، گرێی پاڵدراوە (بڕوانە ل١٨، لێکدانەوەی شیکاری ٢٠).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


٢٨/ شووشەکە بە بەرد شکا.

**شیشه باسنگ شکست.**




٢٩/ شووشەکە شکێنرا.

**شیشه شکسته شود.**




ئەوەی لە شیکاری هەرسێ نموونەکە (بکەردیار یان نادیار) بەدیدەکرێت، وەکیەکبوونی پێکهاتەی دەربڕراوەکانە لە ئاستی گواستنەوەکان بۆ گرێی دیاریکاری سەرەی کات، کە بالآبوونی دیاریکاری کرداره بۆ جێگەی دیاریکاری گرێی گەردانکردن و ڕێکەوتنی کات و کەسە بۆ بەدیهێنانی هەردوو شێوەی دەنگی و شێوەی لۆژیکی. هەر لەم ڕوانگەیەوە بەراوردی ئەم جووتە دەربڕاوانە دەخرێنە ڕوو:

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

منداڵەکە نووست.   میوانەکە دەڕوات.   ئەم نەخۆشە نامرێت.

**بچە خوابید.   میهمان می رود.   این مریض نمی میرد.**

بەراوردی گرێی کرداری:
- کوردی = {نووست} ، {دەڕوات} ، {نامرێت}
- فارسی = **{خوابید} ، {می رود} ، {نمی میرد}**

هەریەك لە کردارەکان:

1- دیاریکارەکانی خۆیان لە کەسی سێیەمی تاکدا دەبیننەوە.

2- فۆرمە دەربڕراوەکانیان لەرووی کاتەوە: یەکەم: ڕابردوو، دووەم و سێیەم: ڕانەبردوو.

3- پڕاوپڕی دەربڕین لەرووی دەنگ و واتاوە بێ خەوشە.

ئەگەرچی تێنەپەڕ، کرداری بکەرنادیار دیاریکار ناخوازن، بەڵام خودی گرێی کرداری وەك پرۆژەیەك دەشێت فراوان بکرێت لەرێی گرێی پێشناوی و ئاوەڵکارەکانەوە، کە دەچنە ژێر ڕکێفی گرێی گوزارەوە PrP:

هەڵەبجە بۆمبارانکرا.   هەڵەبجە به چەکی کیمیایی بۆمبارانکرا.

**حلبجه بمباران شود.   حلبجه با سلاح شیمائی بمباران شود.**

گرێی کرداری

پێشمەرگە لەگەڵ دوژمن شەڕ دەکات.


**پیشمەرگه با دشمن می جنگد.**

کرداری تێپەڕ دەبێتە بنەمای پرۆژەی گەورەکراو کاریگەری ڕوودان تێیدا لە کەسی بکەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەر کەرەسەگەلێك، کە بە تەواوکەر یان بەرکار ناسراوەو دەشێت لە وشەیەك یان گرێیەك زیاتر بێت بەواتایەکی تر کرداری تێپەڕ، گرێی تێپەڕ پێکدێنێت (TrP) لە چوارچێوەی گرێی گوزارە/ پاڵدراو (PrP)دا هەروەك لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی بۆکرا، ئەم جۆرە کردارە دەشێت بەرکارێك یان دوو بەرکار بخوازێت:

أ- یەك بەرکاری:

٣٠/ کتێبێکی تازە دەکڕم.

**کتابی نو را می خریدم.**





DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

له شیکاری ئەم نموونەیەدا: کتێبێکی تازە/ **کتابی نو را** وەك بەرکارێك لەجێی دیاریکاری کرداردا، جێگیر بووەو هاوشانی کرداری فەرهەنگییەو کرداری v بچووك سەرەیەکی بەتاڵە – پلەیەکە بۆ گواستنەوەی خودی کرداری بنجی – دیاریکارەکەش دیسان بە بەتاڵی ماوەتەوە، لێرەدا ئەوە بەیاد دەخرێتەوە، کە بەلای چۆمسکییەوە V بچووك پرۆژەی کردارێکی سووکە، لەگەڵ تێنەپەرو بکەرنادیاردا، جێکەوتەی دیاریکاری خۆی کارا ناکات، لەچوارچێوەی گرێی پاڵدراو بەواتا یەکسان بوونی VP بە PrP، هەر لەم ڕوانگەیەوە بەلای (کەریمی: ٢٠٠٥) بنەمای گرێی کرداری فەرهەنگی لە V بچووکەوە نایەت، بەڵکو پێیوایە لەجێی گرێی کرداری گەورە/ فەرهەنگی، گرێی گوزارە/ پاڵدراو (Predication Phrase) جێگەی سەرەی کرداری بچووك دەگرێت، کە دەتوانێت فراوانکراو بێت. (مزدك انوشه: ١٣٨٨، ٢١١) لەکاتێکدا مزدك انوشە پێیوایە کرداری فەرهەنگی‌و کرداری سووك لە هەنگاوێکی گەردانکردندا لە ناوەوەی گرێی کرداری بچووك vP پەیدا دەبن، هەرچی (محمد دبیر مقدم)ە لە هەنگاوەکانی گەشەکردنی بەرنامەی کەمینەدا ئاماژە بە گرێی گوزارە دەکات، کە لەگەڵ ڕستەی زمانی کوردیدا گونجاوترەو، کورتبڕترە. (وەك لە شیکارەکانی ٢٠ و ٢١دا خراوەتە ڕوو)


ب- ئەو کردارانەی دوو بەرکار دەخوازن:

لەناو کردارە تێپەڕەکاندا، کردارگەلێك هەن واتاو مەبەست بەتەنها بەرکارێك ناگەێنن، بۆیە داوای گرێیەکی ناوی تر وەك تەواوکەر دەکات لەچوارچێوەی گرێیەکی پێشناویدا بۆ نموونە کردارەکانی دانان، سپاردن، ناساندن، بەخشین...

ئێوە کتێبە نوێکان بەکێ دەسپێرن؟ میوانەکان بە ئێمە بناسێنن.


**شما کتابهای نو را با چ کسی اسپارید؟** **مهمانها با ما معرفی کنید.**

/٣١




المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

/٣٢




/٣٣




لە شیکاری یەکەمدا هەنگاوەکانی شیکارەکە فراوانتر کراوە، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی vP گرێی کرداری بچووک، ئەوەی بۆ ئەم توێژینەوەیە گرنگە هاوسەنگێتی دابەشبوونی پێکهێنەری گرێکانە لە هەردوو زمانەکەدا، لەگەڵ وەکیەکی دیاریکاری سەرە فەرهەنگییەکانە بەپێی ئەرکی ڕێزمانی جیاواز (بکەر، بەرکار، کردار) لە ڕوانگەکانی کات و کەس و ژمارەو توخم و ڕووکارەوە.

فراوانکردنی گرێی کرداری جگە لە پێکهێنە سەرەییەکان ئاوەڵکارو گرێ پێشناوییەکان، کە ئاماژەی کات و شوێن و چۆنێتی و بار...تد دەنوێنن، لەچوارچێوەی جێکەوتە بەتاڵەکانەوە بەشداردەبن بەوەی کە تەنها ڕۆڵی دەرخەری لایەنێکی نادیاری ڕوودانی کردارن، ئازادن لەوەی، کە لای چەپ یان ڕاستی کرداری فەرهەنگی ڕستەکان بگرن، بۆ نموونە:

/٣٤ ئەو {دەستەپاچانە} پەرداخە ئاوەکەی ڕشت.

**او {با دستپاچگی} لیوان آب را ریخت.**


/٣٥ ئەو پەرداخە ئاوەکەی {دەستەپاچانە} ڕشت.

**او لیوان آب را {با دستپاچگی} ریخت.**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەواتا ئاوەڵکار یان گرێی پێشناوی دەشێت پێش بەرکار یان دوای بەرکار بێت.




ئەوەی لەم شیکارەدا تێبینی دەکرێت بواری گواستنەوەی کەرەسە فەرهەنگییەکانە، لەڕوانگەی چەمك و مەبەستی قسەکەر بۆ تێکدانی واتای گشتی ڕستە، واتە بەپێی بواری لێکدانی کەرەسە هەڵبژێرراوەکان ڕێگەپێدراوە، ئەوەی لە بواری بەراوردا تێبینی دەکرێت ڕەوتو ئاراستەی ڕستەگەلی هەردوو زمانەکە وەك یەکن. بەواتا ئەژمارکردنی گوزارشتەکان کە ناساندنێکی دووبارەیی recursive لە کۆمەڵە دەربڕراوێکدا بەرجەستە دەبێت، بەواتایەکی تر ڕێزمانی گشتی بڕیاردەری ئەوەیە، کە توانست دەبێت:

1- کۆمەڵێك پەسن بێت.
2- ڕێساگەلێك بێت بۆ کۆکردنەوەی پەسنەکانی یەکە فەرهەنگییەکان.
3- کردەگەلێکی گونجاوو شیاوی بەدوایەکداهاتوو بێت بۆ بەدیهاتنی پێکهاتە ڕستەییەکان، کە بە CHL ناودەبرێن، بەواتا سیستمی ژمێرەکاری زمانی مرۆڤ (چۆمسکی: ٢٠٠٠، ١٠٧) کە بناغەیەکی گرنگی بەرنامەی کەمینەیە.

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەرکار لە ڕستەی ئاوێتە/ ئاڵۆزدا:


ئەم جۆرە لە ڕستە، لە ڕستەیەکی سەرەکیو ڕستەیەکی شوێنکەوتوو یان زیاتر پێکدێت، هەندێك کردار لە ڕستەی سەرەکیدا، بەرکارەکەی ڕستەیەکی شوێنکەوتووە، کە خاوەنی گرێی ناوی بکەری‌و گرێی کردارییەو ڕۆڵی تەواوکەری ڕستەی سەرەکی دەبینێتو پێچەوانەی ڕیزبەندی SOV بەرکارەکە – ڕستەی شوێنکەوتوو، دەکەوێتە دوای کردار نەك پێشی – ئەو کردارانەی وەك:

زانین، پرسکردن، ئاشکرابوون، دیاربوون، گوتن

**دانستن، پرسیدن، آشکارشدن، گفتن**

٣٦/ أ– لێم پرسیت، کە کێ کتێبەکەی کڕی؟

**ازت پرسیدم، کە کی کتاب را خرید؟**





لەڕوانگەی سەرەی گەردانکردنی کات و کەس – INFL – شیکار ئەنجامدراوە، لە وردکردنەوەیەکی تردا، شیکارەکە دووبارە دەکرێتەوە بەپێی سەرەی ڕێککەوتن (AGR)، کە تێیدا کات – T – /tense دەبێتە سەرە، لەو ڕوانگەیەی، کە بنەمایەکی گرنگی گەردانکردنە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:١-٣٣

٣٦/ ب




شیکاری هەردوو ڕستە، کوردی و فارسی بە هەردوو شێوە، لەڕوانگەی بەرنامەی کەمینەوە پشت بەستووە بە هەڵبژاردن و لێکدانی ئایتمە فەرهەنگییەکان، لە نموونەکاندا پێکهاتەی ڕستەی شوێنکەوتوو بەهەمان ڕەوتی پێکهاتەی گرێکانی ترن، بەواتا بەرێگەی کردەگەلی لێکدانی دوانەیی (binary merger operations) بەپێی بنەمای سەرەی گەردانکەر دەبێت و ئایتمی کات دەبێتە سەرەی ڕستەی سەرەکیو سەرەی ڕستەی شوێنکەوتوو، پلە بە پلە بەشێوەی گرێی کات – tense phrase /TP – گرێی تەواوکەر، وەك پرۆژەیەکی گەورەکراو بەدیدێت، بەوەی دوای هەڵبژاردنی ئایتمە فەرهەنگییەکان و لێکدانی دووانەییان ناوەکی ترین یەکە دروست دەبێت، هەنگاو بەهەنگاو یەکەی گەورەتر پێکدێت، بەمەبەستی بەدیهێنانی هەردوو شێوەی دەنگی و لۆژیکی پراوپڕ، لەدوای ئەنجامدانی پشکنینو بەدیهاتنی مەرجی دەرکردە لە درکانندا، بەواتا لە ئاراستەی پێکهێناندا سەرەتا پێکهاتەی ناوەکی گرێی کرداری لەگەڵ بەئاگابوون لە سەرەی کردارو داواکارییەکانی کردەگەلی لێکدان بۆ بەدیهێنانی پێکهاتەی تەواوکەری سەرەی گەردانکردن (Inflection /I) دەکرێت، دەبێتە بناغەی پێکهاتەی گەردانکردنی نێوانگیر (Ī)، چونکە ئایتمی گەردانکردن سەرەیەکی ئەرکییەو دیاریکارەکانی ڕێککەوتن (Agreement/AGR) لە فۆرمی کاتو کەسدا (ژمارەی کەسی ڕێزمانی) دەنوێنرێن[٦] (عباسعلی آهنگر: ١٣٨٧، ١٨)، لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە ڕازیکردنی پەیوەست بە دیاریکارەکانی گرێی ناوی سەرەی گەردانکردن ئامادەیی/ بوونی گرێی ناوییە لە جێگەی بکەر، واتە دیاریکار (Specifier)ی گرێی گەردانکردن لە ڕەوتی پشکنیندا. ئەوەی جێی سەرنجە بوونی بکەر لە ڕستەدا/ پرۆژەی گەورەکراوی زۆرینەدا – لە زمانی ئینگلیزیدا – بەخورتییە، لەکاتێکدا لە هەردوو زمانی کوردیو فارسیدا، کە زمانی بکەرخراون جێکەوتەیەکی بەتاڵ (Pro) جێدەهێڵن. بەپێی ئەم پێشینەیە، هەردوو ڕستەی کوردیو فارسی شیکارکراو، گرێی ناوی بکەرییان (Pro)ن،


المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص:١-٣٣
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دەربڕراوەکان گرێی کرداری سەرەیین، سەرەکان لای ڕاستی ڕستەیان گرتووەو بەرکار ڕستەی شوێنکەوتوون، لەڕوانگەی ڕۆڵپێدانەوە، ڕۆڵیان پێدراوە، یەکانگیری شێوەی دەنگی و شێوەی واتایی/ لۆژیکی شیاوی و دروستی دەربڕین دەخاتەڕوو، کە سەلماندنی پشکنینە لە بەرنامەی کەمینەدا.

بەمەبەستی لێکدانەوەی زانستی دانانی گرێی ناوی بکەری لە شوێنی دیاریکاری گرێی گەردانکردن ($\bar{\bar{I}}$) (عباسعلی آهنگر: ١٣٨٧، ١٨) دوو گریمانە دەخاتەڕوو:

أ- بەپێی بۆچوونی ڕادفۆرد گریمانەی دانانی گرێی ناوی بکەری لەجێی دیاریکاری گرێی کرداری، پشتبەستوو بە گریمانەی بوونی بکەر لە پێکهاتەی گرێی کرداریدا (VP-Internal Subject Hypothesis) و دواتر جووڵەکردنی بۆ شوێنی دیاریکاری گرێی گەردانکردن و لێکدانی لەگەڵ گرێی نێوانگیر ($\bar{I}$)، بەدیهێنانی گرێی فراوانکراوی گەردانکردن دێت. بەواتا ئەم گریمانەیە، لەڕوانگەی بوونی جێکەوتەی بەتاڵ لە ڕەخساندنی بواری گواستنەوەی ئایتمە سەرەییەکان (گواستنەوەی سەرە بە سەرە) هاندەربووە بۆئەوەی هەندێك پێیان وابێت، کە زمانی کوردی گرێی کرداری هەیە نەك ڕستە، لەکاتێکدا گریمانەی دووەم بۆچوونەکە پێچەوانە دەکاتەوە.

ب- گریمانەی بوونی گرێی ناوی بکەری لە لێکدانەوەی ئەژماری فەرهەنگیو لێکدانی لەگەڵ پێکهێنەری گەردانی نێوانگیر – $\bar{I}$ – و دروستبوونی گرێی فراوانکراوی گەردانکردنە. چونکە بەپێی ئەم گریمانەیە، بوونو ئامادەیی لێکدانەوەی گرێی ناوی بکەری لەلایەك لە ئەژماری فەرهەنگیو لەلایەکی تر لە تێرکردنی پەیوەستی دیاریکارەکانی – بەتایبەت لە زمانی کوردیدا کە هاونیشانەکردنی کەسی بکەر لە پێکهاتەی کرداردا – ئاماژەی بەهێزی گرێی ناوییە لە گەردانکردنی سەرەییو پێڕەوکردنی بنەمای فراوانکردندا ڕێخۆشکەرن بۆ هەڵبژاردنی گرێ ناوییە بکەرییەکان لەناو ئەژماری فەرهەنگی دیاریکراو/ هەڵبژاردەداو دیاریکردنیان لە کردەی لێکداندا وەك دیاریکاری گرێی گەردانکردنی نێوانگیری بەشدار لە پێکهاتەی گرێی فراوانکراوی و زۆرینەی گەردانکردن ($\bar{\bar{I}}$)دا، کە تێیدا گرێی ناوی بکەری هاوشانو دەستەخوشکی گرێی نێوانگیری گەردانکردنەو پێکەوە دەکەونە ژێر رکێفی گرێی گەورەکراوی زۆرینە. ئەم لێکدانەوەیە شیکاری پڕاوپڕی ڕستەکانی زمانی کوردی لەخۆدەگرێتو ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونەیە، کە زمانی کوردی گرێی کرداری هەیە، نەك ڕستە بەتایبەت لەگەڵ کرداری تێپەڕدا بەتایبەتتر لە ڕستەی ئاوێتەدا. هەر لەم ڕوانگەیەوە لێکدانەوەی (عباسعلی آهنگر: ١٣٨٧، ١٩) بۆ زمانی فارسی پەسەندکردنی گریمانەی دووەمە، پێی پەسەندترە لە گریمانەی یەکەم و ئەم شیکارە درەختییە بۆ زمانی فارسی دەخاتەڕوو:




لە بەراوردی پێکهاتەی شیکاری درەختی هەردوو زمانی کوردی و فارسیدا، تێبینی هاوسەنگیو وەکیەکی دەکرێت.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لەڕوانگەی ئەم تایبەتمەندییانەوە دەگوترێت: دابەشبوونی پێکهاتەی گرێی کرداری لە دەربڕاوی زمانی کوردیو فارسیدا وەك یەکە، جگەلە بوونی چەند جیاوازییەکی کەم بۆ نموونە بوونی (را) بەرکاری لە گرێی ناوی بەرکاریدا لە زمانی فارسیو نەبوونی نیشانەی ناسراوکردنی (ەکە) لەو زمانەدا.. لەم توێژینەوەیەدا گرنگی زۆرتر بە جێکەوتەی کردار دراوەو بەراوردیان بەپێی بەرنامەی کەمینە نەك وردەکاری خودی کردار لەلایەنە جیاوازەکانەوە.

## ئەنجام

1- ئەگەرچی وشەی پرس لە زمانی کوردیدا ناگوازرێتەوە بۆ جێگەی دیاریکاری سەرەی گەردانکردن، بەڵام وشەکانی: ئایا، ئەرێ، ئاخۆ... ئەو جێگەیە دەگرن.

2- هەنگاوەکانی بەرنامەی کەمینە پلە بە پلەن لە هەڵبژاردنی سەرەی گرێی کردارو سەرەی داواکراوەکانی تایبەتێتیان، کە تێیدا ئایتمە فەرهەنگییەکان تایبەتمەندی ڕێزمانی لەخۆدەگرن، کە خۆیان لە کاتو کەسو ژمارەو توخمدا... دەبیننەوە، دوای ئەنجامدانی گواستنەوەکان و دڵنیابوون لە پشکنین دەسڕێنەوە.

3- گرێی کاتو کەس بە گرێی گەردانکردن دەناسرێتو گرێی ڕێککەوتن دێنێتە ئاراوەو کات T تێیدا ڕۆڵی سەرە دەبینێتو $T^{=}$ بەرانبەر بە S دەوەستێتەوە.

4- بەپێی بەرنامەی کەمینە لە $T^{=}$ دا، گرێیەکی کرداری لە پێکهاتەی گرێیەکی کرداری تردایە، کە بە VP گەورەو vp بچووك ناسراون، v بچووك بە کرداری سووکیش ناودەبرێتو پرۆژەیەکی ئەرکییە، ڕێچکەی هاتنەئارای VPی گەورەیە، لە درێژەی لێکدانەوەکاندا predication phrase/ prp گرێی گوزارە جێی گرتۆتەوە، کە تێیدا دابەشبوونی دوانی ڕێگەخۆشدەکات بۆ فراوانبوونی پرۆژەو گواستنەوەی ئایتمەکان.

5- بەراوردی ڕستەی کردار تێنەپەڕو نادیار، تێپەڕی یەك بەرکارو زۆرتر بەپێی شیکارە درەختیەکان وەکیەکی دابەشبوونی پێکهاتەیی گرێی کرداری هەردوو زمانەکە دەسەلمێنێت.

6- پشکنینی دروستی دەربڕین – کە برێتی ڕۆڵپێدان دەگرێتەوە – لێکدانەوەی تەواوی ڕستەو گرێ بەراوردکراوەکانی هەردوو زمانەکەیە، کە ئاماژەی یەکسەرچاوەییانە.

## پەراوێزەکان:

1. بۆ زانیاری زۆرتر لەسەر پرسیار بڕوانە (ابوبکر عمر قادر: ١٩٩٣)، پرسیار لە زمانی کوردیدا.
2. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: (محمد دبیر مقدم: ١٣٨٣، ٢٣٩).
3. بۆ زانیاری زۆرتر لەسەر سەرتۆپ و تیشکۆ بڕوانە (کاروان عمر قادر، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، ٢٠٠٨).
4. بۆ زانیاری زۆرتر لەسەرە بڕوانە: (ابوبکر عمر قادر، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ٢٢، ٢٠٠٧). لە (Tallerman: 1998) وەرگیراوە
5. ئەستێرە ئاماژەی بەهێزی دیاریکاری مەبەستدارە، u ئاماژەی نەبوونی فۆرمی دەنگییە.
6. گۆڕینی I بۆ T لە شیکاری دووەمدا، ئاماژەی دروستی دەربڕینی کاتی ڕوودانە، کە بەشێکە لە کاتو کەس I.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1

المجلد (٢) – العدد(٢) , كانون الآول ٢٠١٨
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

## سەرچاوەکان

1. ابوبكر عمر قادر، پرسیار لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٣.
2. ابوبكر عمر قادر، شرۆڤەکردنی ڕستەی زمانی کوردی لەڕوانگەی تیۆری دەسەلاتو بەستنەوەدا، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، بەرگی ٣، ژ ٤، کانونی یەکەمی ٢٠١٧.
3. ابوبكر عمر قادر، پارتیکل لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی B، ژ٢٢، ٢٠٠٧.
4. سەلاح حەوێز رسول، پرەنسیپی بەئابوریکردن لە زمانی کوردیدا، لەڕوانگەی تیۆری دەسەلات و بەستنەوەو بچووکترین پرۆگرامدا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٤.
5. کاروان عمر قادر، رستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، کوردۆلۆجی، ٢٠٠٨.
6. تحقيقات صغرى داخل اطار المنطق الرياضي في مشكلات اللغة البشرية، ترجمة: رمضان مهلهل سرخات، مجلة الثقافة الأجنبية، العدد الثاني، لسنة ٢٠٠٠، كلية الاداب، جامعة البصرة.
7. انوشه مزدك، نقدی بر تحلیل پوستەای گروه فعلی در زبان فارسی، مجله انجمن زبان شناسی ایران، سال پنجم، شماره اول، پیاپی نهم، ١٣٨٨.
8. عباسعلی آهنگر، التحليل پوستەای گروه فعلی در زبان فارسی بر پایه برنامه کمینەگرا، سال ٤، شماره ١، پیاپی ٧–١–٢٥، ١٣٨٧.
9. محمد دبیر مقدم، زبانشناسی نظری، پیدایشت و تکوین دستور زابشی (ویرایشی دوم) سازمان تدوین کتب علوم دانشگاهها (سمت) تهران، ١٣٨٣ (٢٠٠٤).
10. وی جی کوك، مارك نویسان، دستور زبان جهانی چامسکی (ویرایشی دوم) مترجم إبراهیم چگنی، تهران، رهنما، ٢٠٠٩.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/2.2.1